# راوێژکاری سودانی:هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی لەلایەن لیژنەی راسپێردراوەوە ئامادەکراوە

راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە کاروباری دەستوری رایگەیاند، هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی لەلایەن لیژنەی راسپێردراوەوە ئامادەکراوە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، لە بنەما نوێکانی ئەو هەموارەش ئەوەیە دەبێت سەرۆک و جێگری دادگای فیدراڵی دادوەری پسپۆڕ بن و لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری باڵاوە دیاری بکرێن.

حەسەن یاسری راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە کاروباری دەستوری رایگەیاند، ئەو لیژنەیەی لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە راسپێردراون بە پەداچوونەوە بە یاسای دادگای فیدراڵی کارەکانی تەواو کردوە و ڕەشنوسی هەمواری یاساکەی رادەستی ئەنجومەنی وەزیران کردوە، بە ئەوەی دەنگی پەبدرێت و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەت بە نیازە لەگەڵ هەمو لایانە سیاسییەکان گفوتگۆ لەبارەی ڕەشنوسی نوێی یاسای دادگای فیدراڵی بکات بە شێوەیەک کە گرنتی بنیادنانی تەواوی دامەزراوە دەستوریەکان بکات. ئەوەشی خستەو، ئەو هەموارانەی لە یاسای دادگای فیدراڵیدا کراون پێیوستە بە پابەندبون بە دەستور و سەرجەم هەموارەکان بەپێی نوسراوی شارەزای دادوەری و یاسایی و ئاینی ئیسلام کراوە، لە

هەموارەکەشدا مەرجە سەرەکی دادگا و جێگرەکەی دادوەر بن.

حەسەن یاسری باسی لەوەشکرد، بەڵام نوێنەکانی دیکەش بریتین لەوەی مەرجە دیاریکردنی دادوەر بە ئەو دادگایە بە دەستی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بێت، لەو ریگەیەشەوە کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی دادگاکە دروست نابێت.